


**ئەمان هەردەم خان و دان، سەردەمیٚ خاوەن تەلارو سفرەو خوان، دەیان شۆڕشگێر لەماڵی ئەمان، ماڵێکی پڕ لە ئەمان، لە گوندێکی دێرینی هەڵەبجەی بەژان، گوندی عەبابەیلیٚ ی سەرحەوزو ناو تەلاَن و زەماوەنگان، سەردەمی شێخ و بەگزادەو بۆرەکان، ئەمە ماڵی داوبەگی جافەو سەرشانی عەبابەیلیٚ ی گرتووە، ئەڵێن یەکەمین سەیارە کە هاتە ناوچەی هەڵەبجە لە بەردەم ماڵی داووبەگا وەستاو تەنانەت  کەسانێکی ئەو سەردەمە پێیان وابوو دەبیٚ کاوجۆی بۆ دابنرێت، ئەمان دوو خوشکی پڕ لە میهرەبانی ناو دیوەخان و دودەری ئەومێژووەی گوندی عەبابەیلیٚ و بەگزادەکانی هەڵەبجەن و ئێستاش هەر لە زێدە کۆنەکەی باوکیان هەواریان هەڵداوەو لە خانوویەکی قوڕی کەلەپوریدا پێکەوە ژیان دەکەن و تا ئێستاش شوویان نەکردووە، ئەوانیش ئامینەخان و مەلیحە خانی داووبەگن. ئیدی ئەوە ژیان و چارەنوسەو لە دیاریکردنی ئەو چارەنوسەش هەمووومان بێئاگاین.**





**داود بەگی حەمە سەعید بەگی جاف و نەفیە خانی خێزانی ئەم کوڕو کچانەیان هەبووە**

**ئەوانەی کە ماون لە ژیاندا**

1- **حەمەوبەگ**
2- **ناهیە خان / خێزانی دیاری حامید بەگ**
3- **رەعنا خان /  خێزانی تەیمور بەگ**
4- **نەسرین خان / خێزانی شێخ ئەنوەر**
5- **ئامینە خان / تا ئێستاش کچەو شوی نەکردووە وەك لە وێنەکەدا دیارە**
6- **مەلیحە خان / بەهەمان شێوە شووی نەکردووە وەك لە وێنەکەدا دیارە.**

**ئەوانەی کە لە ژیاندا نەماون**

1- **کەریم بەگ**

2- **سەلما خان / خێزانی عەبدوڵا بەگی جاف**

3- **ئەختەر خان / خێزانی حەمە رەشید بەگی جاف**

4- **کافیە خان / کچ بووەو خێزانی پێك نەهێناوە**